ئەفسانەی جووبووونی هیتلەر... نووسینی: پەشەو محەمەد

`

وەڵامێک بە بانگەوازی ئیدریس مستەفا

کەمێک پێش ئێستا بانگکەوت لە فەیسبووک نووسراوێکم بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «بۆ هیتلەر جوڵەکە دڕچوو!» نووسینی ئیدریس مستەفا، خۆڕا کردمەوە و سەیرمکرد، کەی وتارێکە لە کاردانەوەی خۆڕا بڵاوبێتەوە بە بانگەشەیەکی سەرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا نووسراوە بە وروژاندنی سیاسەتی ئیسرائیل بەوەدا گووتوویەتی «هیتلەر بۆیە پەلاماری ڕووسیای دا چونکە جوو بوو و ڕقی لە ڕووسیا بوو، زیلینسکیش بە هەمان شێوە». ئەم بانگەشە بە بنەما پووپاگەندەییەی سەردەمی جەنگ، بووەتە هۆکار بۆ نووسینی وتارێکی وەها لاوازن بۆیە ڕقی لە ڕووسیا بوو (کە بگومان هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی و زانستیی تێدا نییە، بگرە هەر سەرچاوەی نییە) بەدووی بانگەشەکەی لاڤرۆڤ بکەوێت.

هەبوونی ئەفسانەی جووبووونی هیتلەر شتێکی تازە نییە، کۆنە و ڕیشەکەی بۆ سەردەمی هیتلەر خۆی دەگەڕێتەوە. بۆیە بانگەشەی ئەوەی کە هیتلەر جوو بووە بۆیە ڕقی لە ڕووسیا بووە، بانگەشەیەکی سەردەمی پووچیی و گەمژەییە، چونکە هەر کەسێک کەمێک زەحمەت بخۆی بدات و بڕوات ئەدەبیاتی نازیی، «خەباتی من»ی هیتلەر، پێژەی باربارسا (هەرش بەسەر یەکێتیی سۆڤێت) و فرمانەکانی «چارەسەری دواییین» بخوێنێتەوە تێدەگات، پەلامار بەسەر یەکێتیی سۆڤێت کتومت بە مەتیەف و پاتەرنەکی پێچەوانەی بانگەوازە پووچگەرییەکەی لاڤرۆڤەوە بووە. لەگەڵ شکستی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا ڕاستەوە ئەمانیەکان و ناسیۆنالیستەکان بەردەوام بانگەوازی «بڵشەڤیزمی جوو»یان دەکرد و دەیانگوت جوو شکستی لە ڕووسیا هێگیرساندووە و دەیەوێت سەرتاپای ئەوروپا بکاتە جوو. هیتلەر لە سەرتاپای کتێبی «خەباتی من»دا مارکسیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم بە دەسیسە و پیلانی جوو ناودەبات کە ئێستا سوکانی کۆشتیەکیان لە ڕووسیا بەدەستەوە گرتووە و چارەکیان بەرەو ئەوروپا لێداوە. هەروەها شکستی ئۆکتۆبەر بە گەفی جوو دەزانێت بۆ هێگیرسانی جەنگ و لە ١٩٣٩دا دەرەنجام بەجووکردنی ئەوروپا نابێت بەکۆ قەکردنی جوو

دەبێت لەسەرتاسەری ئەورووپا. هیتلەر کە پلانماری سەقڵتی دا، لەژێر ناوی پاککردنەوە و قڕکردنی جوو بوو، چونکە ڕووسیای بەتاکە قەڵای بەهێزی جوو دەزانی. باش ئەوەی دەزانی ئەگەر ڕووسیا لەناو نەبات ناتوانێت خۆنی ئەورووپایەکی بە جوو بدیبهێنێت. تا ئێرە من نامەوێت بچمە ناو ڕیشەکانی پرسی بینینی کەمینیزم، بلشڤیزم و سەڤێت وەک پیلانی جوو، خوێنەر دەتوانێت بە ئیم مەبەستە بگەڕێتەوە بۆ کتێبی «چەکەرەکناسیی کەمپ و کەرنەڤاڵی شکستخواردوان»، لەوێدا بەشێوەی زانستیی و دوور و درێژ ئیم پرسانە شیکراونەتەوە.

بەڵکو ئەوەی دەمەوێت پووچەڵکردنەوەی ئەو بانگەشەیەیە کە دەڵێت هیتلەر لە خەزانێکی بەچەکێک جوو هاتووە، بەڵام ڕقی لەخەی بووە یان ئەوەی پێیدەگوترێت «نەفرەتی جوو لەخەی». یەکێک لەو هەکارانەی بیانووی داوەتە دەستی کەنزەرقاتیف و بشک لە لیبراڵە ئەمانییەکان بۆن گوایە هیتلەر ڕیشەیەکی جووی هەبووە، بەهەی نادیاریی شووناسی بشک لە خەزانەکەیەوە بووە. ئیم بانگەشەیە هەبێت ڕیشەیەکی قووڵتری ئایدیۆلۆژیشی هەیە، بەوەدا دەیەوێت وەحشیگەریی و تاوانی نازیزم لەوەی دیگوترێت «کولتووور و شارستانێتیی ئەوروپیی» دابماڵێت و یان وەک ئێرنست نەلتە، فیلسوفی کەنزەرقاتیقی ئەمانیی باسی دەکات، تاوانەکە هیچ ڕیشەیەکی ئەمانیی نییە، بەڵکو ڕیشەیەکی ئاسیایی هەیە کە لەڕووسیای «جووەو» دێت[١]. هەبێت زەر ناچمە ناو ئیم پرسەوە و لە دوو کتێبی ناوبراودا باسی ئیم بابەتانەش کراون.

ناوی باوکی هیتلەر، ئەلیەس شیکلگروبەر (Alois Schicklgruber) بوو بەڵام هەر زوو واز لە پاشناوەکەی دەهێنێت و دەیکات بە هیتلەر و ئەدەلف لە گۆرەیدا خشحاڵبووە بەوەی باوکی پاشناوەکەی فەداوە و «هیتلەر»ی هەبژاردووە، چونکە بە «پاڵەوانەکی نەتەوەیی» ساوکردنی وەک «هایل شیکلگروبەر» (Heil Schiklgruber) دەنگدانەوەیەکی «مەسیقیی» نەدەبوو، بەڵکو «هایل هیتلەر» مەسیقییتر و کاریزماتیکتر[٢]. نەنکی هیتلەر ناوی ئانا ماریا بووە و ساڵی ١٨٣٧ لەدایکبووە، باپیری هیتلەر ناوی یەهان گیەرگ هیدلەر (Hiedler) بووە، لە کەسا کاتێک باپیری هیتلەر ناوی ئەلیەس، باوکی هیتلەر، لەکاتی غوسلدا تەمار دەکات، لە هیچ بەڵگەنامەیەکدا نەهاتووە کە هیچ ڕەگەکی ئەو خەزانە چ لە دایک، چ لە باوکیەوە بچێتەوە سەر جوو. یەکێک لەو هەکارانەی هیتلەر نەیدەویست قسە لەسەر ڕیشەی خەزانەکەیان بکات، بەهەی نەنکە هەژارەکەیەوە بووە کە بەگوێرەی عاداتی ئەو سەردەمە بنایاسایی

لەگەڵ باپیرەی هیتلەر، یەهان گیەرگ هیدلەر خەووتووە و ئالیەسی لەبووە، بەهام پاشان بە فەرمیی لە کەسا تەمار کراوە تا وەک «زەڵە» «بە ناسنامە» نەمێنێتەوە. لە بنەڕەتیشدا فەرمەکانی پێشووی ناوی هیتلەر ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، پێش ئەوەی یەهان گیەرگ بە هیدلەر بانگبکرێت، ڕیشەی خێزانەکەی دەچووەوە سەر «هوتلەر» (Hüttler) کە بەماناکانی «گەنجبەر، کووخنشینی هەژار، هەژاری کەیتنشین، کەلاوەنشین، وەرزێر، مسکێن و هتد» دێت، بەهام لە هەووتی گەانی ناوەکەدا، واتا وردە وردە کاتێک باوکی هیتلەر لەووی ئابووریەوە کەمێک باش دەبێت پاشناوەکەشی دەگۆڕێت، بەرەو «Hitler» و پاشان لەسەر فەرمی «Hiedler»، «Hütler»، «Hietler» دەگیرسێتەوە، کە ڕیشەی واتاناسییەکەی، بە مانای «پشکهەگری بچووک»، یان «دوکاندار»، یاخود لە مانای ئەمەیدا کە بگومان هیتلەر خەی زیاتر قبوڵی بووە «وردە-بەرژوازیی» یان «جووتیاری خاوەن زەوی»[٣].
دەکرێت ئەمە بە باوکی هیتلەر بگوترێت لەووی کەمەایەتییەوە هوولەسەر (sozialer Aufsteiger)، پێیباشبووە لە کۆتاییدا لەسەر پاشناوی «هیتلەر» بگیرسێتەوە، چونکە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا لە هەژارییەوە بەرەو چینی ناوەڕاست سەردەکەوێت و فەرمی ناوی «هیتلەر» کەمتر دەنگدانەوەی دەهاتییبوون و لادێیبوونی هەبوو. هەکاری ئەوەی کە ئەدۆلف هیتلەر لە هیچ شوێنکدا هەوێنادات باسی پێشینەی باوکی و دایکی بکات، بە ئەو حاڵەتی شەرمەزاربوونێ لە هەژاریی دەگەێتەوە.

ئەستا با بزانین ئەو ئەگەرە تاقیبکرێنەوە کە دەڵێت باپیرەی هیتلەر، یەهان گیەرگ هیدلەر، جوو بووە. لە ڕاستیدا بە یەکەمجار دەنگەی بەاوبوونەوەی جووبوونی باپیرەی هیتلەر لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٢٠ لە قاوەخانەکانی میونشن بەاودەبێتەوە، و بەاوبوونەوەی ئەم دەنگەیانەش بە جیهاندا بەهەی چاپەمەنیی بیانییەوە بووە. بە نموونە یەکەمجار ڤەرنەر ماسە، نووسەر و کەنزەرڤاتیڤەکی پڕۆتستانتی، لە بنەماڕەیەکی ئەریستەکرات، ئەم ئەفسانەیە بەاو دەکاتەوە. ماسە بانگەشەی ئەوە دەکات کە پاشناوی «هوتلەر» (Hüttler) پاشناوەکی جوو بووە و ڕیشەیان دەگەێتەوە سەر جووەکانی بوخارەست لە ڕۆمانیا، هەروەها دەشڵێت باوکی هیتلەر لەیانە بارەن ڕۆتشیلدەوە وەک خزمەتکار لە ڤیەننا دامەزرێنراوە[٤]. بەهام بەربەاوترین و جددیترین دەستاودەستکردنی دەنگەکە دەربارەی جووبوونی هیتلەر لە ناوەڕاستی جەنگی دووەمی جیهاندا ڕووددات و ڕاستوخۆ دەکرێت ڕیشەکەی لە یادوەرییەکانی یەکەک لە پارەزەرانی

نازیی و حوکمڕانی گشتیی پێندا، هانس فرانک ببینرێتەوە. فرانک دەڵێت لە کۆتایی دەیەی ١٩٣٠دا هیتلەر بانگی کردووە و نامەیەکی لە برازاکەی، ولیام پاتریک هیتلەر پیشان داوە (کوڕی زبراکەی باوکی، کە بەماوەیەکی کەم لەو کاتەدا زەواجی لەگەڵ ژنکێکی ئیرلەندیی کردووە و ناوی خۆی لە ڤیلهەلمەوە گۆڕیوە بە فەرمیی ئینگلیزیی ولیام)، کە هەڕەشەی ئەوە دەکات کەمەکێ حیکایەتێک دەربارەی پشینەی هیتلەر بڵاودەکاتەوە کە «خوێنی جوو بە دەمارەکانیدا دێت و دەچێت». فرانک دەڵێت هیتلەر پێیگوتووم جارێکی دیکە بە ڕەگ و ڕیشەی خێزانەکەیدا بەواتە خوارەوە، فرانک دەڵێت هەندێک زانیاریی دەستکەوتووە کە نەنکی هیتلەر ماریا ئانا شیکلبورگەر کاتێک وەک چێستلەنەر لە خێزانێکی جوو بەناوی فرانکنبەرگەر لە شاری گراتز لە نەمسا خزمەتیی کردووە، کوڕەکەی، ئەلیاس، واتا باوکی هیتلەر، لەیداکبووە. هەروەها دەڵێت فرانکنبەرگەر نێک تەنها مووچەی ماریا ئانا، بەڵکو پارەیان بە منداڵەکەش، ئەلیاس، بەیوتەوە. فرانک دەڵێت هیتلەر پێیگوتووە کە دەزانێت باوکی و داپیرەی گووتوویانە باپیرەی بەهیچ جارێک جوو نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی داپیرەی و مەردی دواتری زۆر هەژاربوون، ناچاربوون لای خێزانێکی جوو کاربکەن، خێزانە جووەکەش وەک بەڵێنیی پارەیان پێداون[٥]. یاخود بەگوێرەی دەنگەکان، دەکرێت نەنکی هیتلەر «بەناشەرعیی منداڵی لە جوویەک بووبێت».

لە ڕاستیدا حیکایەتەکەی هانس فرانک دوای جەنگ لەناوەڕاستی دەیەی ١٩٥٠دا بە فراوانیی بڵاوکرایەوە، یەکێک لە هەکارە سەرەکییەکانیش، ئەڵمانیا ناچاربوو خۆی بونیاد بنێتەوە، بە ئەم مەبەستەش پێویستی بەوە هەبوو بەشێکی زۆر لە بەرپرس و بیرکەرات و فەرمانبەر و سەرباز و ئەفسەرە نازییەکان لە دەوڵەتدا دابمەزرێنێتەوە، بە ئەم مەبەستەش پێویستی بەوە هەبوو کەی گوناهەکان بە کەسێک هەڵواسێت و ئابووی خۆی پێبکەێتەوە، باشترین بژاردەی هیتلەر خۆی بوو، بە ئەریستۆکرات و کەنزەرقاتیقە ئەڵمانییەکان هیتلەرێکی هەژار لە خێزانێکی خزمەتکاری نەمساییەوە، قەچێکی قوربانیی ئاسان بوو. بەڵام لەڕاستیدا ئاگەر بە وردیی مێژووی خێزانە جووەکانی شاری گراتز هەبگرینەوە لە نەمسا و لە شارەکەدا هیچ تۆمارێک نییە بەهیچ شێوەیەک پشتیوانیی لە هەبوونی خێزانێک بەناوی فرانکنبەرگەر بکات، بەدیاریکراویش لەو ساڵەی ئەلیاسی تێدا لەدایکبووە، خێزانێک بەو ناوە بوونی نەبووە. لە ڕاستیدا هیچ خێزانێکی جولەکە لە سەرتاپای ناوچەی سیتریا لەو سەردەمدا بوونی نەبووە، بەڵکو تا کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٦٠ و سەرەتای ١٨٧٠ هیچ جوویەک بەگوێرەی

یاسای نەمساوییگەی پەنەدراوە لەو ناوچەیە نیشتەجێ ببێت. خەزانێک بەناوی فرانکرایتەر (نێک فرانکنبەرگەر) لە گراتز دژیان، بەڵام جوو نەبوون. تەنانەت هیچ بەڵگەیەک بوونی نییە بیسڵمەنەت ماریا ئانا هەرگیز شاری گراتزی بینیبێت. هیچ نامە و بەڵگەیەکی تەمارکراو بوونی نییە پیشانی بدات ماریا ئانا پەیوەندیی بە فرانکنبەرگ یان فرانکنایتەرەوە هەبووبێت. ئەو ئەفسانەیەی دەڵێت ئەلیس لە فرانکنبەرگی جوو لەدایکبووە، بەڵام لە ئەسڵدا ناوی فرانکنایتەر، ئەوکاتەی ئەلیس لەدایکبووە، فرانکنایتەر تەنها تەمەنی دە ساڵان بووە (ئەم تەمارە مژووییە ساختانەی هانس فرانک دروستی کردوون، ئەگەر بگەڕێنرێنەوە بۆ ناو سیاقی مژووویی خۆیان، زۆر بەسانایی بۆدرێ دەخرێنەوە). تەنانەت ئەو بانگەشەیەی هانس فرانک کاتێک پووچەڵ دەبێتەوە کە دەڵێت هیتلەر لە داپیرەوە حیکایەتی خزمەتکاربوونی لەماڵە جووەکە بیستووە، ماریا ئانا ساڵی ١٨٤٧ مردووە، لەکاتێکدا هیتلەر لە ١٨٨٩ لەدایکبووە، چل و دوو ساڵ پێش لەدایکبوونی ئەدەلف مردووە.

تەنانەت ئەوەش گومانهەڵگرە کە فرانک باس لە گێشتنی نامەکەی پاتریک بۆ هیتلەر دەکات، فرانک فەرمێت هیتلەر پێی گوتووە نامە هەڵگرەکەی لە ١٩٣٠ پەگێشتووە، لەکاتێکدا پاتریک تا دیسەمبەری ١٩٣٨ لە ئەڵمانیای نازیی ماوەتەوە، چۆن دەکرێت و بۆی تەدەچێت هەڵگرەکی هەندە گەورە لە ئاوژکارەکەی ئەڵمانیا، ژیانی هەڵگرەکەی نەخاتە مەترسییەوە و تەنانەت ئازادانەش وەاتەکە جێبەجێت؟ بەکورتیی باپیرە و داپیرەی هیتلەر هەرشتێک بووبێتن، جوو نەبوون. وەک باسکرا، بەکورتیی: بەجوودانانی هیتلەر خزمەت بە ئایدیەلۆژیای کۆنەپارێزی ئەڵمانیی دەکات بە خۆپاککردنەوەی لەو تاوانە گەورەیەی لە مژوودا ئەنجامی داوە و هەروەها نیگایەکی کەمیش بەسە تا تێبگەین سەرگی لاقرۆفی وەزیری دەرەوە، قسەیەکی گەمژانە و کاردانەوەیەکی ساویلکانەی بەرانبەر ئیسرائیل ئەنجام داوە و خودی قسەکە، ڕیشەیەکی قووڵی دژە-جوایەتیی هەیە.

نووسینی: پەشێو محەمەد

سەرچاوەکان

1. Ernst Nolte, Der europäische Bürgerkrieg 1917–1945: Nationalsozialismus und Bolschewismus, Propyläen-Verlag, Frankfurt am Main, 1988.
2. August Kubizek, Adolf Hitler. Mein Jugendfreund, Graz (1953), 5th edn 1989, 50.

3. Rudolf Koppensteiner (ed.), Die Ahnentafel des Führers, .Leipzig, 1937, 39-44
4. Werner Maser, Hitler: Legend, Myth and Reality, .Harpercollins College Div, 1975, pp.12-15
5. Hans Frank, Im Angesicht des Galgens, Munich/Gräfelfing, .1953, 330–31

بزووتنەوەی "هەڵگ زردەکان" و چەند وانەیەك ... پەشۆو محەمەد

دەروازە

تارمایی کارەساتی کۆش و هەوا باڵی بەسەر سەرجەمی مرۆڤایەتیدا کێشاوە. دوایین پێشنیاری دۆناڵد ترەمپ بۆ دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی هەڵگ زردەکان، کە تایبەتنان بوو بە ڕێککەوتننامەی کۆش و هەوا و ژینگە لە پاریس. حکومەتە سەرمایەدارییەکانیش هەمیشە لەگەڵ بەڵێنی ئیفڕەوە، ویستوویانە هەم درۆ بە بەرهەمهێنانی زیاتری دوان ئۆکسیدی کاربۆن بدەن و هەمیش بە ماوەیەك سەرنجی جەماوەر و میدیاکان لەسەر پرسەکە دووربخەنەوە. تا کار گەیشتۆتە ئەوەی زۆرێك لە حکومەتە سەرمایەدارییەکان تەنانەت مەسەلەی گۆڕانی کۆش و هەوا بە تیۆری پیلانگێڕی مارکسیستیی دەزانن، کە دەیەوێت ڕێگریی لە گەشەی ئازادانەی ئابووریی بازاڕی سەرمایەداریی بکات و لەم ڕێگایەوە پەوپاگەندە بۆ ئابووری ڕووەکشاوی چین بکات.

دوایین هەوڵی ئیفڕەمیستانە (بەنام لەجۆهەردا ساختەکارانە)ی ئەمانوێڵ ماکرۆن بوو بۆ دانانی باج لەسەر سووتەمەنیی؛ دیارە پاساوەکەی ماکرۆن، هیچ نەبێت کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دوان ئۆکسیدی کاربۆنە لەسەر بژێوەژیانی ئەزمون، وەك سەرەتایەك بۆ ڕێگریکردن لە زیاتر پیسبوونی ژینگە. بەنام ڕوون و ئاشکرایە باجەکەی هاووڵاتی دەیدات و لەلاکەی دیکەشەوە، دەبێتە گەورەترین خزمەتکردن بەهێکشانی قازانجی زیاتری کەمپانیا فرۆنتۆکان. ئەم بیارە بەخراپی بەسەر ماکرۆندا شکایەوە و لەهەنگاوی یەکەمدا، خێکانێکی کرێکاری هەنایە سەر شەقام، کە زۆرەمەندی ئەم بیارە

بوون، واتا بەکاربەرانی سووتەمەنیی، بەبێ داواکاریی کان هەڵکشان، لەپاریسدا نمایەوە، لە خواستی زیفەرمی ئابووریی و بەرزبوونەوە بە خواستی سیاسیی کە تایبەتمەندن بە حکومەتکەی ماکرۆن. بزووتنەوەکە سەرتاپای شارەکانی پاریسی گرتەوە، تەنانەت بەوپاتانی دیکەشدا بەهابووەوە، وەك بەلجیکا و هەندا و ئومێد دەکرێت، وپاتانی پشکۆوتووتری دیکەی سەرمایەداریش بگرێتەوە.

بە لەفەنسا؟

هیچ جێگای سەرسامیی نییە و تەنانەت هیچ سەیریش نییە کە ناڕازایەتیی بزووتنەوەی جەماوەریی فەنسا بگرێتەوە. مێژوو پیشانی داوە ئەو شۆشانەی توانیویانە وەستانی مێژوویی و وەرچەرخان دروستبکەن، لە فەنسا وە سەریانهەڵداوە: شۆشی 1789، کە کۆتایی بە ژەمی کۆنی ئەریستۆکراسیی و فیودالیزم هێنا و ئینسانی لە گۆڕەپانەوە کرد هاووەاتیی. شۆشگێڕانی 1848، شۆش لە پێناوی خواستە دیموکراسییەکان و شۆشە دیموکراسییەکانی کرد هەوێنی سەرهەڵدانکانی دیکە، کۆمۆنی پاریس 1871، کە بە یەکەمجار، کرێکارانی دیموکراسیخواز و دادپەروەریخواز، دەستاتیان بەدەستەوە گرت و ئەنجووەمنە خەبەرۆبەرە کرێکاریی کانیان دامەزراند، شۆشی 1936 و پاشان 1968، کە چوار بکەری شۆشگێڕ بوونە هەوێنی گەڕانکاریی سەرتاپای پاشماوە کۆنەپارێزیی کانی دونیا: یەك، کرێکاران، دوو، خوێندکاران، سێ، ژنان و چوار، خەڵکانی دژکۆڵۆنیالیست. شایانی باسە یەکەم مێژووی باریکادەکانی سەر شەقامەکانیش هەر دەگەڕێتەوە بە فەنسا.

تەنها ماوەیەکی کەم (کە بیست بە سی ساڵ) فەنسا لە جەرگەك چالاکیی ناچالاکدا دەژیا، ئەویش ئەو کاتە بوو کە لەووی ئابووریی و، سەردەمی بووژانەوەی درەوداو و دەوڵەتی خۆشگوزەران دەستپێکردبوو، لەلایەکی دیکەوە بیری ڕادیکاڵ پاشکشەی کردبوو و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەمانیی باڵی بەسەر ئەکادیمیاکاندا کێشابوو و سەردەمێك بەناوی گومانکردن لەهەموو شتێك، لەژێر ناوی پەستەمەرنیزمدا سەریهەڵدا، کە گومانیان لە شۆش، خەبات، بەرەنگاریی، حزب، ڕێکخستن، بزووتنەوەی کرێکاریی، بە بزووتنەوەی خەسکیشەوە کردبوو. ئەم سەردەمە لەسەردەمی جەنگی ساردیشدا زەرترین پشتیوانیی لێکرا، هەتیوود و ئەکادیمیاکان لەخزمەتیان بوون، بە سەرکی وپاتانی ئەوروپا و خەرئاوای پیشەسازیی و بازاڕی سەرمایەداریی‌یەوە. لەگەڵ کۆتنی سۆڤێت، ئەم ڕەوتەش بەرەو خانەنشین بوون ڕۆیشت. فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەمانییش (وەك فەلسەفەیەکی

کۆنگرەکەی) پاشکۆی کرد و دەکرێت بەم ئاڕاستەیەوە بە شێوەی فەرمانبەری گشتی.

بەرنامەی بزووتنەوەی "هەڵگرانی زەردەکان" لە لوتکەی سەردەمی ئەفسانەی پارێزەری ئەورووپا: ئەمانوێل ماکرۆندا سەریهەڵدا، تەنها چەند هێڵێکی دوای گوتارەکەی: دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی ئەورووپا دژی ڕووسیا، ئەمریکا و چین. ئەم وایکرد بەرژەوەندی و میدیای گشتیی ئەورووپا ئەفسانەی پارێزەری یەکێتیی ئەورووپا و دانیشتووانی ئەورووپا بە ماکرۆن دروستبکەن. ئەم ئەفسانەیە، بەپێچەوانەی ئەفسانە پاساوانپەرستییەکانی دیکەی ناسیۆنالیستە ئەورووپییەکان، زۆر درێژەی نەکێشا و تەنها یەک حەفتە عومری هەبوو. وشەی "نیۆلیبراڵیزم" بووەتە وشەیەکی قێزەون و پیس لەسەر زاری خەڵک بەکاردەهێرێت، تەنانەت هونەرمەندە پۆپ ستارەکانیش، وایانلەهاتووە بەسوکایەتییەوە ناوی نیۆلیبراڵیزم بهێنن. تەنانەت پۆپ ستارەکی وەک "پامەلا ئەندرسن" بەئاشکاوی دەڵێت: "من تووندوتیژیی تەدکەمەوە، بەتام کاتێک دەبینم هەڵگرانی زەردەکان پۆلاماری بانکەکان، شوێنە لوکسرییەکان و سەیارە گرانبەهاکان دەدەن، ئەوە دەبینم کە چۆن دژی تووندوتیژیی ڕەکخراوی دەوڵەتیی و نوخبەی دەوڵەمەند و سەرمایەدار دەجوڵێنەوە، ئەو نوخبەیەی خەڵکی بەرەو برسیبوون بردووە". خەسڵەتی ئەم بزووتنەوەیە، کەمێک ئاڵۆزە، بەتام زۆر ئاڕادیکاڵە. کورتناکرێتەوە، بە حزب، تراید یونیۆن و یەکێتیی کرێکاریی زەردی فەرمانڕەوا.

هەڵگرانی زەردەکان کێن؟

گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەوە دەکرێت، ئەوانە کێن وا لەسەرشەقامن. ئایا ئەوانە خەڵکێن، کرێکارانن، جەماوەرن، یاخود تۆزێ کەمایەتییەکانی دیکەن. لەلایەکی دیکەوە، گفتوگۆی ئەوەش دەکرێت کە بەشێکی زۆری خەڵکی ئاستەم و لەناو بزووتنەوەکەدان. ئەمەش وایکردووە کرێکارانی سۆسیالیستی زۆرێک لە وڵاتان، خەیان لە پشتیوانیکردن بەدوور بگرن. بەتام بە نیگایەکی خێرا دەردەکەوێت کە ئەمانە کرێکارانی بەشمینەتی کەمگان. بەتام لەلایەکی دیکەوە هەشتا زووە خەسڵەتی سەرجەمی بزووتنەوەکە دیاری بکرێت.
ئاستە کرێکاران زۆرینەن، بەتام هەموو کرێکارانیش سۆسیالیست یان شۆڕشگێڕ نین، تا باسی شۆڕشی سۆسیالیستیی بکەین، چونکە لەلایەکی دیکەوە ئاگاڕکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی سۆسیالیستیی، بە قەیرانی شۆڕشگێڕی و سەردەمی شۆڕشگێڕیدا تێپەڕدەبێت، کە ئێستا بە نیگایەکی خێرا لە هەلومەرجی ئێستای ئەورووپا، تێدەگەین، کە ئەمە لە قۆناغ و

قیرانی شۆشگەیدا ناژین. لەبەر ئەوە زۆرێك لە چاودێرە سۆسیالیست و چەپەکانیش، خەیان بەدوور دەگرن لە بەکارهێنانی وشەی شۆشی سۆسیالیستیی. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، چۆن بتوانین خەسڵەتی بزووتنەوەکە دیاری بکەین. بەبێ تێگەیشتن لە خەسڵەتی بزووتنەوەکە و تێگەیشتن لە هەلومەرجەکە، ناتوانین لە تاکتیك و ستراتیژەکانی خەباتیش تێبگەین.

ئەو خەکانەی لەژێر ناو و بەجلوبەرگی "هەڵگ زەردەکان" (gilets jaunes) خەیان نەکخستووە، خەکانەکن کە دەکرێت بە دەرەجە دوو، یان خەکی خوارەوەی کەمەگای فەرەنسیی لەقەمیان بدەین: خەکانی شارچکەکان، سەنتەرە هەژارنشینەکانی شارەکان، وەرشە و فرۆشیارە بچووکەکان، کرێکارانی کەرتە پیشەسازییە کەمدەرامەتەکان و هتد. بزووتنەوەی هەڵگ زەردەکان بەیەکەوە (وەك باسمکرد) دژی هەکشانی باجی سەر سووتەمەنیی هاتنە سەر شەقام. ئەوان هەکاری گونجاویان هەبوو، دیزە لە23% باجی خرابووە سەر، بەنزینیش 14% و حکومەت ڕایگەیاندبوو کە نرخەکانیان زیاتریش بەرز دەبێتەوە. ئەم ڕاگەیاندنە بووە هەی ناڕەزایەتیی چینی کرێکار و بەشکی چینی ناوەڕاستیش لەهەمانکاتدا، بەتایبەت ئەوانەی زەرەندی تێچوونەکانی گواستنەوەی گشتیی دەبوون. بە ئەوانەی هەژانە چەندان کیلەمەتر بە سەیارەکانیان دەچنە سەر کارەکانیان، ئەم بەرزکردنەوەی نرخ و باجە، دەبووە هەی کەمبوونەوەیەکی ئەجگار گەورە لە داهاتی گشتیان.

لەسەرەتادا خواستەکانی "هەڵگ زەردەکان" خواستەکی هوون و ڕاشکاو بوو: پاشەکشەکردن بەم یاسایە. بەڕام لە حەفتەی ڕابردووەوە، خواستەکان گەڕاون، ئەو دەنگەی دەبیستریت، هەستەکی هوون و ئاشکرای تونەد، مانایەکی تەواوی لەپشتەوەیە کە ڕایەدگەیەنێت، ئەمە بوونەتە ئەقڵگۆ و قوربانیی چینەکی سیاسیی کە بەگشتیی، کاتی هاتوون، سەرجەمیان هەتبکەینەوە.

ئێستا زەرینەیان بەیەك دەنگ هاوار دەکەن: ماکرۆن دەبێت بڕوات. لەگەڵ ڕاپرسیی هەژی جومعەی ڕابردووەدا، ئەمانوێڵ ماکرۆن، هەژەی دەنگەکانی دابەزیوە بە 20.1% و هاتووەتە خوارەوە بە پلەی چوارەم، لەکاتەکدا ژان لوك میلانش، سەرەکی پارتی چەپ، کە لە سەردەمی هەڵبژاردنەکاندا هاتبووە پلەی سێیەم، ئێستا بووە بە یەکەم و بەهەژەی 28% دەنگەکانی بەرز بووەتەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی هەڵگ زەردەکان، لە خواستەکی ئابووریەوە هەکشاون بە خواستەکی سیاسیی هوون و ڕاشکاو، کەتایەهێنان بە هەساکانی ئابووریی نەلیبڕاڵی، دەبەت هاوکات کەتایی بە سیاسەت و

دامەزراوە سیاسییەکانی نیلیبرالیزمیش بەهێزە. ئێستا هەموان بەیەک دەنگ هاوار دەکەن: "ماکرۆن؛ سەرکی دووەمەندانە".

دەربارەی تۆندوتیژی

لەوانەیە دەرفەتی ئەوە نەبێت، لەسەر تیەر و چەمکی تۆندوتیژی هەوەستە بکەین. بەنام وەک والتەر بنیامین لە وتارێکیدا (1921) بەناوی "ڕەخنەی تۆندوتیژی" زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێدەکات، تۆندوتیژی، کاتێک چین و گروپە چەوساوەکانی خوارەوەی کەمەگا بەکاریدەهێنن، بۆ کۆتاییهێنان بە تۆندوتیژی ڕێکخراوی دەوڵەت، ئەو تۆندوتیژییەی بە ئاگر و ئاسن بەسەر خەڵکی خوارەوەی کەمەگادا دەسەپێنرێت. بەمانایەکی دیکە: دیالێکتیکی لەناوبردنی تۆندوتیژی دەوڵەت. کەواتە ئەو بزووتنەوەی بتوانێت بەپێچەوانەی ڕەوتی مێژوو مەڵێ بکات، دژی تۆندوتیژی ڕێکخراوی دەوڵەت، تۆندوتیژی مانەپەڵکراو و سەرکوتکەر، مافی بەکارهێنانی تۆندوتیژی هەیە، دیارترین نموونەی تۆندوتیژیش لە مێژوودا، کە خەڵک دژی دیکتاتۆریەتی ئۆریستۆکراسیی و لەردەکان و فیودالەکان و پاشا ستەمکارەکان بەکاریهێنابێت، تۆندوتیژی بووە لە شۆشی فەڕەنسیی، مارا، دانتۆن و ڕۆبسپێر، ڕەوایەتیی بەکارهێنانی تۆندوتیژییان لە جەماوەرەوە وەرگرتبوو، بە ڕێگریکردن لە گیانەوەی دیکتاتۆریەت. بەیە بەهێ نییە، بزووتنەوەی هەڵگ زەردەکان، ئامرازی ملپەڕاندنی سەردەمی شۆشی فەڕەنسیی، کە بە "گیۆتین" ناسراوە، دەهێنەوە هەمان مەیدان و پیشانی ماکرۆنی دەدەن، چۆن شۆشگێڕان و جەماوەر ئۆکات، پیشانی لویسی شانزە و ماری ئانتوانێتیان دا.

بەڵام سەرەڕای ئەمانە، ئەوەی ئێستا هەیە ئایا تۆندوتیژییە؟ نەخێر، بەڵام لەچاوی چینی باڵادەستەوە، هەموو خەپیشاندان و ناڕەزایەتییەکی جەماوەریی، تۆندوتیژییە، لەکاتێکدا کوشتن لەلایەن پۆلیس، سوپا و هێزە ئەمنییەکانەوە وەک شتێکی موقەدەس سەیر دەکرێت. یاخود تۆندوتیژیی سەرمایە، کە ملیەنان ئینسانی فەداوەتە پڕاوێزەکان، کۆلاوەنشینەکان و هەژاری خستوون و ملیەنان ئینسانی بە ماڵی خستۆتە سەر شەقامەکان و نووستن لەسەر کارتۆنەکان بە شەوانی زستان، بووەتە ئاساییترین دیاردەی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریی، وەک تۆندوتیژیی نابینرێت، بەڵکو وەک کردەوەیەکی ئاسایی، بەڵام ناڕەزایەتیی تۆندوتیژییە. بەڵێ دەکرێت بەڵێن تۆندوتیژییە، چۆنکە هەڕەشەیە لەسەر دیکتاتۆریەتی دەوڵەت و حاکمییەتی سەرمایە.

سەرەای ئەم، چەندین جار من چاودێری دەکەم، بەردەوام ویستووم وتارێك بنووسم، چەند جاریش داوام لەکراوە، لەکاتێکدا چەن دەتوانم بەو هەوڵنیە دەربارەی ئەمریکای لاتین، ئەمریکا، بەیتانیا و ئەڵمانیا یاخود تورکیا بنووسم، بەڵام ناتوانم تەعبیر لەم بزووتنەوە تازەیە بکەم. هەکارەکەی هەوڵە: ئەم بزووتنەوەیە بە ئاسانی پێناسە ناکرێت. سەرەای ئەوە، زەرجار تەنها دەستمکردووە بە بەچووکانی دیکە، چ نووسەران، سیاسیی، ئەکادیمیی و تەنانەت پسپۆرتەکانی فەیسبووکیش. هەرکەسەك لەهوانگەی خەیاڵی دەیەوێت پێناسەی بکات. بەڕای لیبراڵ ناو لە بزووتنەوەکە دەڵێن: تووندوتیژ، ئاژاوەگێڕ، چەتە و یاخیگەر و هتد. ئەمانە بە هەشتبیرانی بەڕای لیبراڵ لەکوردستانیشەوە لەپشتی ئەم بەچوونانەوە وەستاون. لەلایەکی دیکەوە، زەر کەس بەهەڵە ناوی دەنێن شۆشی سۆسیالیستیی، ئەمەش هەڵەیە.

ئەوەی لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا دەبینرێت: بەهوونی لەووخساریانەوە خەڵکانێکی شکەت، لاشەی ماندوو، دەی شکاو، بەدەرەتان و بە هیواکانە. لەسەردەمی بەهواییدا، هیوا لەدایکبووەوە. جەش و خرۆشی خەڵك، وایکردووە وزەیەکی گەورە بە جەستەی هەر یەکەکماندا بگەڕێت. وەك باسمکرد، تووندوتیژیی تا ئەو شوێنە هەواێتیی هەیە کە کەتایی بەسەرجەمی تووندوتیژیی بهێنێت. گومانی تەدا نییە هەر یەکەکمان خەون بە جیهانێکی ئاشتیی و خۆشەوە دەبینین. هەموومان فیلم کارتۆنی "کەنان کوەکەی داهاتوو" (کە بەکوردیی بووەتە عەدنان و لینا)مان بینیوە. جیهان بەسەر دووبارەدا دابەشبووە و دوای جەنگی ماوەرانکەری جیهانیش، کەچی هەشتا بەرێك هەر خەریکی سەپاندنی تووندوتیژیی سەرمایەیە بەسەر جیهان و تەکدانی ژینگەدا، ئەم فیلمە کە لە دەیەی 1980 بەرهەم هاتووە، لەوەدا دەبینین، دوورگەی هیوا وەنەی جیهانێکی ناتووندوتیژە. بەڵام دواجار لەوەش تووندوتیژیی کەتایی نەهاتووە، چونکە هەشتا حاکمیەتی سەرمایە ئامادەیە. منیش کاتێك سەیری جەستەی شکەت و ماندوو، جیهانێکی نایەکسان دەکەم، هەموو ئەو خەڵکە ماندوو و زیاندیدەیە دەبینم، ناتوانم بەڵم بە کەتاییهێنان بەم تووندوتیژییە، پیادەکردنی تووندوتژیی هێوا نییە. بەڵام وەك باسمکرد تووندوتیژیی جەماوەر زەر جیاوازە لە تووندوتیژیی هەکخراوی دەوڵەت. ئەوان بە تانك و تۆپ و تەیارە و کاوەی ئەتەمیەوە هەرشدەکەن، کەچی چەکی دەستی ئەمە ناڕەزایەتیی و کەتاییهێنانە بە حاکمیەتی سەرمایە.

ئەگەر بەوردیی سەیر بکەن، توندوتیژیی بەرژوەزیی لەگەڵ توندوتیژیی جەماوەری ناڕەزیی جیاوازییەکیان ئەرز و ئاسمانە. بە سەیرکردنی سەرجەمی وێنە و ڤیدیۆکان دەردەکەوێت، جەماوەر جگە لە یەکگرتوویی و بەیەکگرتوویی هاتنە سەرشەقام و بەرزکردنەوەی داواکرییەکانیان، هیچ ئامرازێکی سەرکوتکەریان پێ نییە. بەڵام بەپێچەوانەوە، توندوتیژیی بەرژوەزییەکان بەووونی دەبینرێت، چەك، گازی فرمێسك، باتەم، دەمانچە، پیشاندانی تانك و تۆپ، هەڕەشەدانی تیارێ و هەلیکۆپتەر بۆئاسماندا، بەاوەڕپێکردنی سەدان هەزار پۆلیسی پێچەك، بە یونیفۆرمەوە.

بەڵام توندوتیژییەکانی جەماوەر، کەتاییهێنانێ بە حاکمییەتی سەرمایە، بە خستنەڕووی نەزمی نیۆلیبراڵیزم، توندوتیژیی جەماوەر، داواکردنی یەکسانیی و عەدالەتە. دامەزراندنی دیموکراسیی ڕاستەقینەیە.
دواجار ئەمە دەبێت بیبینەوە. چیتر ناتوانین لە شکستی چەپ خۆش ببین، ئیتر چەپ مافی سازشکردنی نەماوە، مافی ئەوەی نییە قەیرانانێ بەدەستەوە بێگانەوە بە کورسیی پەرلەمانیی. بزووتنەوەی هەڵگ زردەکان گەلەك وانەی بەکەڵکی بە چەپ تەدایە: ئەو گەڵانکارییەی لە دوو حەفتەی ڕابردووەوە دروستبووە، بارتەقای پەنجا ساڵ هەڵبژاردنی ئاشتیخوازانەی پەرلەمانی بەرژوەزیی بووە کە چەپیش بەشداریی لەو پەرلەمانانەدا کردووە. چەپ چیتر ناتوانێت بەرگەی شکست بگرێت، دەبێت ئەمجارێ بیباتەوە.
لێرەدا بەم سەرنجانە کەتایی پێدەهێنم، هیوادارم هەوداوەکان بەئاراستەیەکدا بڕۆن، دەرفەتی خوێندنەوەی هەونترمان پێبدەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەوەدەم چ بە سەرنجی کورت، یان بە وەرگەڕانی ئەو وتارانەی بە وردبینییەکی تەواوەوە تەبینیی هەوداوەکان دەکەن، بکەم بەکوردیی.

دەربارەی یەکی ئایار "ڕۆژی

جیهانیی کرێکاران”

ژدا یاشیك ...
گێینی لێکورمانجییەوە: پشتیو محەمەد

-_____

پەویستە مرۆڤ جارێکی دیکە بیر لە واتای یەکی ئایار بکاتەوە، چونکە واتای یەکی ئایار لە کۆتایی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی 20دا یەك واتا نییە. ئیدی واتای یەکی ئایار گۆراوە.
ئیدی یەکی ئایار وەك جۆژن سەیر دەکرێت و وەك پشوویەکی فەرمیی قبوڵ کراوە. بەیە دەبێت ئەمە سەرەتا کەمەك دەربارەی ئەم بابەتە قسە بکەین تاکو بشتوانین ڕاست و دروست لە واتای یەکی ئایار تێبگەین. ئەمێ لە وڵاتانی خۆرئاوا و لە زۆر وڵاتی دیکەدا یەکی ئایار وەك پشوویەکی فەرمی و وەك جۆژنەك پیرۆز دەکرێت. هەندەك دەوڵەت نایانەوێت یەکی ئایار وەك جۆژنکی فەرمیی قبوڵ بکەن و هەر بەیە بۆچوونەك لەکخستنەکانی “چەپەکان” یادی جەماوەریی یەکیی ئایار دەکەنەوە تاکو لایەنی دەوڵەتەوە قبوڵ بکرێت.

بۆچی ئایا یەکی ئایار جۆژنە؟

دەبێت لە سەرەتادا، ڕاستوخۆ بڵێین یەکی ئایار جۆژن نییە. هەموو جۆژنکان وەك نیشانەی ڕووداوکان بشتوانکی ئەرێنیی ئەنجام دراون، و بشتوانکی کورت پیرۆز دەکرێن. لە سایادی ئەو ڕووداوە مێژوویانەدا ئەو کەمەگایانەی پێوەندییان بەم ڕووداوانەوە هەیە پیرۆزبایی لەیەك دەکەن یاخود شین دەگێڕن.
بۆچی ئایا، بە کرێکار و ئەو کەسانەی پشتگیریی کرێکاران دەکەن، واتای یەکی ئایار چییە؟ هەر بۆچی دەبێت یەکی ئایار وەك جۆژن پیرۆز بکرێت یان نا؟
لای ئەمە نەخێر! بە ئەوەی مرۆڤ یەکی ئایار وەك جۆژن پیرۆز بکات، لەسەرەتادا دەبێت واتا ئێنتەرناسیۆنالییەکەی یەکی ئایار لەناو ژیانەدا جێ بگرێت، تاکو ئەمش ئەو ڕۆژە وەك نیشانەی ڕۆژی ڕزگاربوونی کرێکار پیرۆز بکەین.

یەکی ئایار تەنها بانگەوازییەکە. بە ئەوەی ئەو شتانەی سەروە لایەن ئایین، نەتەوە، ڕەگەز و باوکسالارییەوە ئیستغلال نەکرێت و خراپ بەکارنەهێنرێت، یەکی ئایار بانگەوازییەکە.

لایەکەوە ئەم بانگەوازییە نەگەیشتۆتە ئامانجی خۆی، لایەکی دیکەوە چینی کرێکاری جیهانیش لە واتای ئەم بانگەوازە زۆر دوورکەوتۆتەوە. ئەگەر مرۆڤ بەم دیدگایەوە سەیری ئەم بابەتە بکات وەک جۆرێک لە پیرۆزکردن سەیری بکات، ئەوا دەبێت شین بگێڕێت.
بەکوردیی و کورتیی، هەتا چەمکەکانی وەک یەکگرتن، سەربەخۆیی، ڕزگاریی کۆمەڵگا، یەکسانیی، ئازادیی ئافرەت و گیان بە بانگەوازی یەکی ئایار دەبەخشن، لەناو ژیاندا جێگر نەبن؛ ئەوا یەکی ئایاریش هیچ کات وەک جۆرێن قبوڵ ناکرێت. بەڵێ تا ئێستا دەبێت یەکی ئایار وەک نیشانەی جەنگی دژایەتیی دەسەڵاتداران نەبێت بگێڕێت.
ئایا داخوازییەکی وەک ئەوەی دەبێت: "یەکی ئایار وەک پشوویەکی فەرمیی قبوڵ بکرێت"، بەتەنها بەکێکی چی دێت؟ یان ئەگەر یەکی ئایار وەک پشوویەکی فەرمیی قبوڵ بکرێت، ئەمە چ شتێک بەدەست دەهێنین؟

ئیدی چیتر واتای یەکی ئایار ئەو بانگەوازییە نییە کە دەبێت وەک پشوویەکی فەرمیی قبوڵ بکرێت و بەڕاستی ئەگەر دەوڵەت ئەو بانگەوازیەش قبوڵ بکات هەشتا واتای قبوڵکردن نابەخشێت. بەڵێ ئەمە هەم چینی کرێکار و هەم ئەو بەهایی هەبوونە گرنگییە مێژووییەکەی لەدەستداوە و گۆڕاوە، واتاکەی گۆڕاوە.
بە نموونە، لە ڕۆژگارانی پێشوودا، ڕۆژی یەکی ئایار هەموو کرێکاران پێکەوە کەدەبوونەوە، دەستیان لەکار هەڵدەگرد، بەتەواوی بەرهەمهێنانیان دەوەستاند، دەڕژانە شەقامەکانەوە و هەبەت شایان لە دژی هەژە میلیتاریستییەکانی خاوەندارانی دەکرد، خەباتیان دەکرد.

بەڵام ڕۆژگاری پێشوو وەک ئەمڕۆ نییە، ئەمڕۆ کرێکار وەک سەیران بەکاری دەهێنن، زیاتر مەسرەف دەکەن یان بە ئەوەی بتوانن زیاتر کار بکەن خەیان دووبارە بەرهەم دەهێننەوە. کرێکاران پێشتر گفتوگۆیان لەسەر هەلومەرجی خەیان دەکرد، بەیاریان دەدا، پشتگیریی یەکتریان دەکرد، پێکەوە کەدەبوونەوە و مەیدانەکانی خەباتیان فراوانتر دەکرد، ترسیان لە دە و دەروونی خاوەنداراندا دەچاند، بەکورتیی، لە پێشوودا یەکی ئایار ڕۆژێک بوو تیایدا کرێکاران خەیان ڕەکدەخست، هەوێیان دەدا ژیان بگێڕن.
لە سایەی ئەو ڕۆژە مێژووییەدا، لەهەموو لایەکەوە کرێکاران بە هەمان جۆش و خرۆشەوە دەڕژانە مەیدانەکانەوە، بەیەک دەنگ دروشمی خەباتیان بەرز دەکردەوە. لەبەر ئەوەش، واتای ئەوەی دەبێت یەکی

ئایار وەك پشوویەكی فەرمیی قبوڵ بكرێت، زۆر گرنگ بوو.

بەڵام، ئەمە یەكەم ئایار لەلایەن زۆرینەی دەوڵەتكانەوە وەك پشوویەكی فەرمیی قبوڵكراو بەكار دەهێنرا. جیاوازی یەكی ئایاردا هەموو كرێكارانی جیهان بە هەمان دروشمەكانی پشووەوە ناژەنە شەقام و مەیدانەكانەوە، داخوازیی و داواكارییەكانی خۆیان بەشێوەیەكی ڕێكخراو دەرنابڕن، پشتگیریش لێیەك ناكەن.
ئیدی بە خەباتكارانی خۆرئاوایی، واتا بە خەباتكارانی وڵاتانی دەوڵەمەند؛ زۆری یەكی ئایار بریتییە لە: سەرتا بە جێش و خرۆشەوە دەژەنە مەیدان و شەقامەكانەوە، بە بەرژەوەندییەكانی خۆیان بە خاوەنكار و دەوڵەتكانیانەوە لەی بازاڕ دەگرنەبەر، پاشان دەچن سەیری فوتبۆڵ دەكەن یان دەخەنەوە و سەما دەكەن. ئەو زۆرە بە ئەوان بڵێ واتایەكت كە زیاتر بخەن، زیاتر پشوو بدەن و زۆری دواتر بگەڕێنەوە سەر كارەكەی خۆیان.

كاتێك مرۆڤ لەڕەوە دەڕوانێت ڕووەن و ئاشكرایە كە: قبوڵكردنی یەكی ئایار وەك پشوویەكی فەرمیی لەلایەن خاوەندارانەوە هاتووە. بەهەی ئەم پشووەوە خاوەندارانی و بەڕێوەبەران هەم دەتوانن كرێكاران بووستێنن و هەم كرێكاران بە ئاسانی بكەونە نێو كولتووری بەرخێری (consumerism) و مەسرەفگەراییەوە.
بەڵام كرێكارانی دەوڵەتە دەوڵەمەندەكانی ئەورووپا، زۆرینەی كرێكارانی جیهان واتای ئەم ڕۆژیان ئاوا بەكار هێناوە یان هیچ خەمێكیان نییە لەبەر ئەوەی ئیدی لێو وشیارییە دوورگەوتووەتەوە. دیسان زۆرینەی كرێكارانی جیهان هێندە كەوتووەتە ژێر هەژموون و كاریگەریی وشیاریی دەسەڵاتدارانەوە كە لەدژی ئەو زۆرە قسە دەكەن یان هێندەكجار لەبەرانبەر هەڕەشەی نانبڕین گوێی خۆیان دادەخەن، نایانەوێت گیان و ماڵی خۆیان بكەنە قوربانیی بۆیە لە زۆری یەكی ئایاریشدا لە كارگەكانی خۆیاندا دەمێننەوە و خزمەتی بەڕێوەبەرانی خۆیان دەكەن. واتا هیچ جیاوازییەك بە ئەوان لەنێوان یەكی ئایار و ڕۆژانی دیكەدا نییە.

بە هێندەك لە كرێكارانی جیهانیش، یەكی ئایار زۆرێكە كە؛ لەژێر دەسەڵاتی سەندیكاكان و لەژێر كاریگەریی كەمێك چەپەوە ئیفڕمیستەكاندا بەشێوەیەكی هەمن و ناتوندوتیژ كەبوونەوە ئەنجام دەدەن و لێو كەبوونەوانەدا داواكاریی وەك دەوڵەتی خۆشگوزەران، دیموكراسیی، قبوڵكردنی یەكی ئایار وەك پشوویەكی فەرمیی، دەكەنە بابەتی گفتوگۆكانیان.
بەكورتیی؛ یەكی ئایار جۆرێكی ئەم پشووە فەرمییەش نییە، یەكی ئایار

ڕۆژی جەنگ و جۆیە. بەیە نە قبوڵکردنی یەکی ئایار وەك پشوویەکی فەرمیی دەستکەوتکە و نە تکەشان بە قبوڵکردنیشی، شۆشگێڕانیە. بەڵێ گرنگیەکە نەك بەپشووکردنی یەکی ئایارە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئایا کرێکاران چەندە بەدوای ئامانج و واتای ئەو ڕۆژە گرنگەدا دەگەڕێن یان نا.

دەربارەی مۆژووی یەکی ئایار

ڕۆژك کە کرێکارانی خۆڕئاوای بەردین و بیناسازیی شاری ملبۆرنی ئوستڕالیا بە ئەوەی 8 سەعات کارکردن جێگیر بکەن، لە زانکەی ملبۆرنەوە تاکو بەردەم کۆشکی پەرلەمان ڕێپەوانیان کرد، ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژی یەکی ئایار قبوڵبکرا. لە ساڵی 1856دا، شوێنکەی دیکەش ئەو ڕۆژە بوو کە کرێکارانی سەر بە کۆمەڵەی کرێکارانی ئەمریکا دەستیان لەکار هەڵگرت، لەبەر ئەوەی شەش ڕۆژ لە حەفتە و 12 سەعات لە ڕۆژدا کاریان دەکرد و دەیانویست کاتی کار بە 8 سەعات داببەزێنن. مۆژووی ئەو ڕۆژە گرنگەی یەکی ئایاریش بریتیە لە ساڵی 1886.

کرێکاران تەنها دەستیان لەکار هەڵنەگرتبوو، بەڵکو مەیدانەکانیشیان بەهەڵزتر کردبوو. نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەبوون ئەوانەی بەشداری ڕێپەوانەکەیان لە شیکاگۆ کردبوو. سەرهەڵدانەکی وەها گەورە هەتا ئەو ڕۆژە هیچ پێشینەیەکی نەبوو.
تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو ڕێپەوانە ئەوە بوو کە زیاتر لە 6 هەزار کەسی ڕێشپێست و سپیپێست یەکیان گرت و لە شاری لویسڤیلەوە تاکو پارکی نەتەوەیی ڕۆیشتن. ئەو ڕێپەوانە زۆر گرنگ بوو چونکە تا ئەو ڕۆژە ڕێشپێستەکان بەیان نەبوو بچنە ئەو پارکەوە، نەیاندەتوانی بچنە ناوییەوە. ئەو ڕووداوەی هاینمارکێت تا 4ی ئایار بەردەوام بوو، بەڵام ئەو ڕووداوە هەر پەیوەندیی بە یەکی ئایارەوە هەبوو.

دەوڵەت هەم دەستیکرد بە سەرکوتکردنی ئەو ڕێپەوانە و هەم بە ئەوەی چینی کرێکار بترسێنێت چوار لە ڕابەرانی ئەوانیان لەسێدارە دا. ئەو ڕابەرە شۆشگێڕانەش، ئەلبێرت پیرسۆنس، ئەدۆلف فیشەر، گیۆرگ ئەنگێ و ئۆگەست سپیس بوون.
لە ساڵی 1889دا ئەو کاتەی ئینتەرناسیۆنالی دووەم دامەزرا، بە پێشنیاری نوێنەری کرێکارانی فەڕەنسیی، یەکی ئایار وەك نیشانەی "یەکبوون، خەبات و سۆلیداریتیی" هەموو کرێکارانی جیهان قبوڵکرا. بەتایبەت لەو ڕۆژەوە یەکی ئایار وەك ڕۆژکی ئینتەرناسیۆنال بە

هەموو کرێکارانی جیهان بوو بە نیشانەی سەربەخۆیی و خەبات.

لای ئەمە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هیچ چەکێك هێندەی یەکی ئایار نەبووەتە نیشانەی یەکێتیبوون. ئەگەر ئەمە ئەو کەمەندگایەی دەسەڵاتدارێتیی چینایەتیی و سەکسیزم وەك نیشانەیەك قبوڵ دەکات، ئەوا ئەو چەکە هیچ کاتێك تایبەت نەدەبووە نیشانەی واتایەکی هێندە ئینتەرناسیۆنال. بەڵام یەکی ئایار بە هەموو نەتەوە و کەمەندگا و ڕەگەزێك بووە خاوەن واتایەکی زۆر گرنگ. بەڵام یەکی ئایار بووە چەکێکی وەها کە هەموو کەمەندگا، ڕەگەز و نەتەوەکانیش و هەموو کەمەندگای مرۆڤیەتیی چوونە پاڵ یەك و بەهەمان جۆش و خرۆشەوە بەهەزبوون، و یەکی ئایار بووە نیشانەی ئەو هەزە گەورەیە. بەم یەکی ئایار تاقانە بوو و نیشانەی پەیامێکی ئینتەرناسیۆنالیی بوو. ئەگەر سەرنج بدەن دەبینن لەبەردووداو زمانێکی نوێ دەزرایەوە، بەڵام بەداخەوە لە چەند دەیەی ڕابردووداو ئیدی یەکی ئایار ئەو کاریگەرییەی خۆی لەسەر کرێکارانی ئینتەرناسیۆنال و داهێنەر ون کردووە.

دەربارەی واتای یەکی ئایار لەمەڕدا و لای چینی کرێکار

لەگەڵ ساڵنامەی دەسەڵاتی کۆتایی سەدەی 19دا لە شیکاگۆ کەسانی وەك ئەلبێرت پیترسۆنس، ئەگەست سپیس، لویس ئینگێ، ئەدەلف فیشەر و هاوەکانیان ئاگرەك خۆشکرا؛ ئەو ئاگرەی ئازادیی، یەکسانیی و سەربەخۆیی لەنەو دڵی هەموو خەڵکی ژێردەستە لەسەرتاسەری زەوی گەی سەند. یەکی ئایار بووە چەژی یەکەمی کرێکارانی جیهان کە مانیفێستی خۆیان هێنایە سەر زمان و دژی دوژمنی خۆیان وەستانەوە. بەڵام، ئەو چەژە کە خەڵکی ژێردەستە بە گیانی خۆیان بەدەستیان هێنابوو، بە پشتگیریی و کاریان بەرزکردبووەوە، لە ماوەیەکی کورتدا خنکێنرا.

دەسەڵاتداران، هەبەت بەهاوکاریی هێندەك لە پارێزەرانی سۆسیالیزم، بیرکەرات، ژنەڵانی سۆسیال دیموکرات و ڕابەرانی سندیکاکان، ئەم دەستکەوتانەی خەڵکانی ژێردەستیان لەناو برد. دیسان کەلەپچەیان کردن و دەستیان کورتتر کردنەوە. لەگەڵ بەبەهاکردنی واتای یەکی ئایار ئەم دەستکەوتە هەرە مەزنەی خەڵکیان کوورت کردەوە، یەکی ئایار لە ناوەڕۆکی شەڕشگێڕیی و ئینتەرناسیۆنالیی خۆی دوورکەوتەوە، ئاوەژوو بووە سەرکەوتنی ئەوان. ئیدی هیچ شتێك وەك چەژانی ڕابردوو نمایەوە.
بەکورتیی، یەکی ئایار چیتر ئەو چەژە نییە کە کرێکاران بەیەك دەنگ

دیانگوت: "ئەم هەموومان وەك یەکین، پشتیوانی یەکین" و ترس و دڵەڕاوکێیان دەخستە نێو دڵی بەرژوەزیی جیهانییەوە.

بەیەکی ئایار چیتر ئەو هێڵە نییە کە پارسەنس و هاوڕێیانی هەمان دەز دیانگوت: "ئاخ خەرگە ئەمەش لەناو هەمان بەسەی بەجێش و خرێشدا بووینایە".
ئەو هێڵانەی ئابردوو، دیگوترا کە "ئەم هەموومان یەکین، پشتیوانیی یەکین"، ئیدی بووە بە "هەموو کەس و هەموو شتەك تەنها بە خزمەتی منە".
هەبەت ئەستاش وەك ئابردوو، لەسەرتاسەری جیهاندا کرێکاران دەژێنە مەیدانەکانەوە، بەڵام دێیان وەك ئابردوو پێکەوە لەنادات، هەمان گەرانی و ستڕانی ئابردوو بەیەك زمان ناڵێنەوە. لە مێژوودا ئەوە جاری یەکەم کرێکارانی جیهان لەناو خەیاندا هێندە بگەوڕیی دابەش بوون. ئیدی پشتگیریی و سەیداریتیی، یەکسانیی و بەهای ئینتەرناسیونالیی بەتەنها بە کرێکارانی وڵاتانی زەر هەژار هەڵگری واتایەکی گرنگە.

کرێکارانی وڵاتانی هەژار بە پێیامی یەکێتیی و سەیداریتیی وادەکەن دەنگیان بگەیێنن بە کرێکارانی وڵاتانی دەوڵەمەند، بەڵام بەڵێ کرێکارانی وڵاتانی دەوڵەمەند هەوەدەن لەم پێیامانە تێنەگەن، دیواری نێوان خەیان و کرێکارانی وڵاتانی هەژار بەرزتر و پتەوتر دەکەن.
لەبەر ئەوەی کرێکارانی خەرئاوا باش دەزانن دەوڵەمەندیی بەتەنها لەدەستی ئەواندا بەمێنێتەوە، کەشە نییە ئاگەر کەمەنیالیزمی وڵاتانی هەژار بەردەوام بێت.

دوو جیهانی ئاوا لەیەك ناچن و کەشکانی ئەوانیش لەیەك جیاکراونەتەوە لەبەر ئەوە کەشکانی هیچ یەکێکیان هەرگیز بەهەمان تاگەیشتن ئاڤە و شرۆڤە ناکرێن. بە نموونە، بە کرێکارانی خەرئاوا هەژاربوون ئەوەیە کە کرێی خانوو لەلایەن دەوڵەتەوە بدرێت، ئەو پارەیەی ژیانی هێزانە دابین دەکات لەلایەن دەوڵەتەوە بدرێت، بیمەی تەندروستیی دەوڵەت بیدا، بەڵام هەژاربوون بە ئەفریقاییەك تینووبوون و برسیبوونە. بە ئەوەی لە جیاوازیی نێوان هەردوو جیهان تێبگەین دەبێ لە نموونەگەلەك بکوانین.
ئەمڕۆ، لە وڵاتانی هەژاردا لەبەر برسێتیی یان بەهەی بەدخراکیەوە هەر ساتەك 12 منداڵی ژێر تەمەنی پێنج ساڵیی دەمرن. 2.5 ملیار مرۆڤ هێزی دوو دۆلار کەمتر داهاتیان هەیە و لە هەموو قازانجی دونیا بەتەنها دەتوانن 5% وەربگرن.

2.6 ملیار مرۆڤ لەژێر هەڵوەرجێکی تەواو خراپی تەندروستیدا دەژین. ئەو قازانجەی کەسانی وەاتانی خۆرئاوا وەك ئەمانیا، سوید، هەندەرا بەراورد بەو قازانجەی کەسانی وەاتێکی وەك ئەسیوپیا بەدەستی دەهێنن 300-400 جار زیاترە.
لە ئەسیوپیا ئاستی بەرزی ژیان لە 40 ساڵ تێناپەڕێت، بەڵام لە وەاتانی وەك ئەمانیا، هەندەرا، سوید و لەکسمبۆرگ بەرزەی 78-80 ساڵییە.
لەبەر ئەم هۆکارانە، ڕەحمی یەکێ ئایاری شەشگۆڵە بە خۆکانی ژێردەستەی جیهان هەر وەك ڕابردوو ماوەتەوە. بەڵام دیسان، یەکی ئایار ئیدی وەك ڕابردوو لەسەر نەتەوە و کەمەگای سەسیال نییە. هەروەك 8ی ئازار.

با واز لەم بابەتە بێنین، یەکی ئایار ئیدی بە کرێکارانی سەرتاسەری دونیا بەواتای یەکێتیی و سۆیداریتیی نایەت.
بەشەوێکی دیکە، کرێکارانی سەرتاسەری دونیا لە هەمان ڕۆژدا، بە هەمان بڕژەوەندیی خۆیان دەردەکەون و دژی بڕژەوەندیی بڕۆکەی دیکە دەژێنە مەیدانەکانەوە.
بە نموونە، کریکارانی جیهان بە ئەوەی سکی خۆیان تێربکەن، نەمرن، کار، ماڵ، بیمەی تەندروستیی، کرێکارانی وەاتانی خۆرئاوا کە دەوڵەمەندییەکەیان بەهەی هەژارترکردنی وەاتانی بەکڕێنیکراوەوە، بە ئەوەی زیاتر مەسرەف بکەن، زیاتر پشوو بدەن و بگەڕێن، زیاتر قازانج بکەن، و بڕدەوامبوونی ئەم سیستەمە بپارێزن دەژێنە شەقام و مەیدانەکانەوە.
کرێکارانی جیهانی هەژار بە ئەوەی بتوانن بە ئازادیی بچنە هەر وەاتێکی دیکە، کاربکەن تەدەکشن، کرێکارانی وەاتانی دەوڵەمەند بە ئەوەی حکومەتەکانیان ڕێگری لە هاتنی کرێکارانی هەژار بکات، یەك دەگرن.

هەندەك کرێکاری وەاتانی هەژار ڕێ دەگرن، ساڵان هەوڵەدەن بچنە نەو نموونەی ئەم وەاتە دەوڵەمەندانەوە، بە دەوڵەمەندبوونی خۆیان پارێیان دەستبکەوە، بەڵام کرێکارانی وەاتانی دەوڵەمەند دەنگ بە حزبگەلێکی وەها دەدەن کە ئەو حزبە ڕاستەوخۆش نەبە، بتوانە وابکات دەوڵەت دەروازەکانی دابخات بەسەر کۆچبەراندا.
بەکورتیی، ئیدی بەتەنها دونیایەك نییە، بەیە بڕژەوەندیی هەموو کرێکاران نییە وەك یەك بن، چینی کرێکاران وەك یەکیش نین لەمەدا.

واتای یەکی ئایار لای سەندیکاکان

ئەو کاتەی پرسەی شۆشگێڕیی یەکی ئایار لایەن سەندیکاکانەوە بکخرا و مۆبیلیزەکرا، بەتایبەتی لایەن سەندیکا ئەمریکییەکانەوە بوو. هەروەك دەزانن AFL کە ئابڕایەتیی خەباتی مەودای 8 سەعاتی کارکردنی دەکرد، سالی 1886ی یەکی ئایار بەیارمەتی دا و ئەوەتا 350 هەزار کرێکاری ئەمریکی بکگەوتن. بەو هەیوە بشکی کرێکارانی گەورە مافی کاتی کارکردنی 8 سەعاتیان بدەستهێنا و خاوەنکار بڕانبەر کرێکاران تکچوون. بەوجۆرە هەرچەند ئینتەرناسیونالی دووەم لایەن کۆمۆنیستەکانەوە تبکرتەوە، کە بە بزووتنەوەیەکی ئینتەرناسیونال ئیلهامی بخشیبوو، ئەویش گۆڕانکاریی سەندیکالیزم بوو. سەندیکالیزم لە سەدەی 19دا بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی وەك ئینتەرناسیونالی دووەم و دامەزراندنی حزبی کرێکارانی گەورە لە سەنتەرە سەرمایەداریەکاندا، ساڵانی دوایش ئەو سەندیکایانە نزیکبوونەوە لە حزبە سەنتەریستەکانەوە، بوونە پارچەیەکی سیستەمی سەرمایەداریی و دیسان بەدەستی ئەو حزبانەوە دامەزرێنران، هەچوونە ناو سیستەمەکەوە و تیایدا نقوم بوون. ئیدی ئەو سەندیکایانە ببوونە بشکی ئەو حزبانە. بەی، ئیدی یەکی ئایار بووە هێژەك سەندیکا بە پەیام ناردن بە کەمەگا خەیان پیشان دەدا، داخوازیی خەیان دەهێنایە سەر زمان.

بەتایبەتی، لە وڵاتانی دەوڵەمەنددا زۆرترین ئەو کەسانەی دەچنە ناو نمایشی یەکی ئایارەوە کرێکار نین. بەهۆی ناوی چینی کرێکارانی بیرکراتی سەندیکاکانەوە دەچنە ناو نمایشکەوە و چەند سەعاتێك بەدەکەن و بە ماویەك هەپەوان دەکەن. لە وڵاتانی خۆرئاوا یەکی ئایار وەك سەیران و خۆشی پیرۆز دەکرێت، کرێکارانی وڵاتانی هەژار خەبات دەکەن تا بتوانن وەك وڵاتانی خۆرئاوا یەکی ئایار پیرۆز بکەن. بەڵێ، هەندێك لە وڵاتان نماشی یەکی ئایار بە شۆڕشگێڕانە بەدەکەن، بەڵام هۆی ئەوە نیە کە لەو وڵاتانەدا یەکی ئایار بشەویەکی شۆشگێڕانە هەکدەخرێت، بەکو بەتەنها مەسەلەکە پەیوەندیی بە دیکتاتۆریەتی حکومەتکانەوە هەیە.

واتای یەکی ئایار بە بزووتنەوە شۆشگێڕەکان

بزووتنەوە شۆشگێڕەکان دەبێت خەبات بە ڕزگارکردنی چینی کرێکار لەئاستی ئینتەرناسیونالدا بکەن؛ ئەوانیش دەرهەقی یەکی ئایار و بەها ئینتەرناسیونالییە کۆمۆنیستییەکانی خیانەت دەبینن. ئەوە هەوشکی هەندە خراپە کە بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکانی ئینتەرناسیونالی دووەم کە دروشمی ئینتەرناسیونالی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست: "کرێکارانی جیهان یەکگرن"یان هەڵوەشاندەوە و بپووچی

نیشانیان دا و وەك هێزا لەکسمبەرگ دەیگوت "کرێکاران لەئاشتیدا یەکگرن و لەشەڕدا یەکتر بکوژن"، هێکخستنە کۆمۆنیستییەکان بەجێرێك بوون کە ئیدی وەك سەندیکا چەپەکان دەجوانەوە.
وەك سەندیکاکان، چەندین هێکخستنی شۆڕشگێڕیش، هێزی یەکی ئایار بۆ ئاوەژووکردنەوەی داواکارییە ئابووریەکانی کرێکاران نیشان بدەن، بۆ ئاوان لەپێشتربوونی کار و ئاساییش، زیاتر پارە وەربگرن، بەمجۆرە ئاوەژووی هێزیان بکاردەهێنن.

بزووتنەوە خۆرئاواییە شۆڕشگێڕەکان وەك هەموو هێزانی دیکە یەکی ئایاریش وەك خەبات بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەران دەبینن. لەبەر ئاوەژووی ئاوەژووی دەوڵەتە خۆشگوزەرانە لە هەندەك وڵاتان شتێك دەداتە کرێکاران تاکو هەندێکیان هێزارتر و هەندێکیان دەوڵەمەندتر نەکات. بەڵاستی لە دەوڵەتی خۆشگوزەراندا ئەمە ستراتیژیەتی بەرژوازییە.
لەبەر ئاوەژووی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی وڵاتانی خۆرئاواش بەرانبەر قەدەغەکردنی کرێکارانی وڵاتان کە دەیانەوێت بێنە وڵاتانی دەوڵەمەندی خۆرئاواییەوە، بەدەنگییان هێزبژاردووە و خەیان کەردووە. لەبەر ئاوەژووی ئاوانیش باش دەزانن کە کرێکارانی وڵاتانی خۆرئاوا پشتگیریی ئەمجۆرە قەدەغەکردنە دەکەن.

با ئەمە لەلایەك بێت، کرێکارانی ژن بەراورد بە کرێکارانی پیاو کەمتر وەردەگرن، بەڵام بە ئەم مەبەستەش هیچ هاوڕێك نادەن (چونکە لە زیانی کرێکارانی پیاوی خۆرئاوا دەترسن!) لەبەرانبەر ئەم نایەکسانییە ڕاستەوخۆ تێکۆشان ناکەن، بەتەنها هەندێکجار چەند شتێك دەربارەی ئەم کێشەیە دەنووسن.
سەرەڕای هەموو ئەم شتانە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی وڵاتانی خۆرئاوا هیچ کاتێك شەرم ناکەن لەسەر ئاڵای خەیان بنووسن: "بژی یەکێتیی کرێکاران" و "بە هەمان کاری یەکسان، کرێی یەکسان".

ڕاستە، هێوشی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی خۆرئاوا خراپە، بەڵام بەڵێ ئەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی وڵاتانی دیکە هێوەستێکی باشتر پیشان دەدەن؟ نەخێر، نا. لەو وڵاتانەدا هێوەستەکان هەموویان لەیەك دەچن.
هاوشێوەی بزووتنەوەی "شۆڕشگێڕ"ـە خۆرئاواییەکان، بزووتنەوەی وڵاتانی هێزاریش یەکی ئایار وەك دۆرفێتێك بە لەپێشتربوونی کار، ئاساییش و پارەی زیاتر دەبینن. و ئاگەر حکومەت ئاوەش قبوڵ نەکات، دەخوازن یەکی ئایار وەك پشوویەکی فەرمیی قبوڵ بکرێت.

ئاوەش هەیە کە شێ لەنێوان کرێکارانی خۆرئاوایی و بەرژوازیی وەك

"خەباتەکی شۆشگێڕانە" نیشان دەدا و بانگی کرێکارانی وڵاتانی هەژاریش دەکات پشتگیریی لە کرێکارانی خۆرئاوایی بکەن. لەبەر ئەوەی بزووتنەوە شۆشگێڕییەکانی وڵاتانی هەژار ئەو دەستکەوتانەی کرێکارانی خۆرئاوا هەیانە بە تەکەشین، وەك "پاراستنی ماف" دەیانبینێت. بەڵام ئایا دەبێت ئەو هەوڵستەی بزووتنەوە شۆشگێڕییەکانی وڵاتانی هەژار چەن ڕاڤە بکرێت. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوە پەیوەندیی بە نەزانبوونەوە نییە. چونکە ڕاستییەکە بەرانبەر پەیوەندیی کەسکان و ژیانەوە دەرك دەکرێت. واتا بنەمای مەژووویی و ئایدیۆلۆژیی هەرچییەك بێت، هەوڵستەکەش بەرانبەر بەم بنەمایە سەرهەڵدەدات.

بەیە بزووتنەوە شۆشگێڕییەکانی ئەمڕۆ کە بەئاراستەی وشیاریی مەژووویی خۆرئاوا هاتووەتە ئاراوە، هەتا ئێستا بە سەرچاوە مەژووییەکانی خۆی سەیری خۆی ناکات، هەوڵنادات بەڕاستی بەئاراستەیەکی شۆشگێڕدا بڕوات. بزووتنەوە شۆشگێڕییەکان دەبێت حساب بە ئەمە بکەن و بەڕاستی بتوانن هەوڵستی شۆشگێڕانە وەربگرن یان ئۆگەر ئەوە نەکەن، ناچارن ببنە بەشێکی سیستەمەکە.

ئایا دەبێت چی بکرێت؟

ئەمڕۆ، دەبێت چی بکرێت تاکو یەکی ئایار واتایەکی شۆشگێڕیی وەربگرێت. دەبێت چی بکرێت تاکو یەکی ئایار بچێتە خزمەتی یەکێتیی چینایەتیی کرێکارانی ئینتەرناسیۆنال و چینی کرێکارانەوە؟
ئەوەی مسۆگەرە و ناگۆڕێت ئەوەیە کە کردە شۆشگێڕییەکانی جیهانیی چینی کرێکارانە. ڕاستییەکی دیکەی نەگۆڕ و مسۆگەر ئەوەیە کە: چینی کرێکارانی جیهان بەهۆی ڕابەرایەتیی حزبی شۆشگێڕیی ئینتەرناسیۆنالییەوە دەتوانێت سەربکەوێت. ئەمڕۆ ئەوەی دەتوانین بکەین ئەمەیە: هەموو ئەو ئاستەنگانەی ناهێڵن یەکێتیی چینایەتیی کرێکارانی ئینتەرناسیۆنال بێتەئاراوە، لابببرێن. بە نموونە، مەرجێك بۆیەکێتیی چینایەتیی کرێکارانی ئینتەرناسیۆنال بریتییە لە: دەوڵەتی خۆشگوزەران چینی کرێکاران دەخاتە بەرانبەر یەك، لەهەندێکیان دەدزێت و دەیداتە هەندێکیان، ئەمە دەبێت بێتەواوی ڕەتبکرێتەوە.

بە نموونە، مەرج بە یەکێتیی چینی کرێکارانی ئینتەرناسیۆنال ئەوەیە کە کاربکەن بە ئەوەی ڕۆگە بدرێت هەموو کرێکارانی دونیا بەئازادیی بوەستێتاندا بگەڕێن.
بە نموونە، لێنۆ کرێکارانی تورکدا دەبێت مافی ئەوە بە کوردان

بدن دووەتی خەیان بونیاد بنەن و بیپارێزن، بەڵام بەداخەوە لەناو چینی کرێکاری تورکیدا ئەمە هەیە: "نا بە دابەشبوونی وڵات و نەتەوە"، پێیانوایە ئۆگەر ئۆە ووندات، یەکێتیی چینایەتیی کرێکاران بدیدەت. دیسان بە نموونە، مارج بە یەکێتیی چینایەتیی کرێکارانی ئینتەرناسیۆنال ئۆوێیە کە دەبەت دەستبکەن بە ئاشکراکردنی بناغەی ئۆو بزووتنەوانەی لێژەر ناوی کەمانیستبووندا بەرگریی لە دەستکەوتە مومتازەکان دەکەن. ووون و ئاشکرایە کە دابەشبوونی چینایەتیی کرێکاران لەخۆە نییە، بە ئۆوەی چینی کرێکاران بەرژەوەندیی خۆی دابەش نەکات دەبەت یەک بگرەت.

هەر بۆیە دەبەت کەمانیستەکان، لەم دابەشبوونەدا پشتگیریی لە لایەنی چەوساوە و ژێردەستە بکەن. هەرچیەک دەبەت با ببەت دەبەت هەوەستی کەمانیستەکان بەمجۆرە بەت.
بە ئۆوەی پێیامی ئینتەرناسیونالیی یەکی ئایار نوە ببەتەوە، دەبەت ئەم هەوەستە بگیرەتە بەر.

سەرچاوە
ئەم وتارە لە ژمارەی سێیەمی "چروسکا شەشگەر"دا بڵاوبووەتەوە:
.Çiruska Şorşger, hejmara 3, sala 2017

بە فەلسەفەی مارکسیستیی گرنگە؟ … جەن مالینە

وەرگێانی لە ئینگلیزییەوە: پەشەو محەمەد …

ئۆە ووون و ئاشکرایە ئۆە زانیارییەکی زەرتان دەربارەی فەلسەفە نییە بە بەشاریکردن لە خێپیشاندان، مانگرتن یان ئاپەینیی شەشگەانە. ئۆە شتەکی خراپ نییە. ئۆگەر ئۆە چاوەوان بن تا ژمارێیەکی گەورەی خەکی کرێکار، مارکس و هێگە بخوێننەوە، ئۆوا خێپیشاندانەکان، مانگرتن و لە هەمووی ووونتر، شەشکان هەرگیز ووونادەن.

هەرچەندێك بێت، خەباتكردن بۆ جیهانێكی باشتر بۆتەنها بریتی نییە لەم هەندگاڵە بۆگژاچوونەوەیە ئاستەوخۆیە. لەنێوان و لەگای ئەم "پنتە بەرزانەوە" ئەژ بەڕەژ خەبات بۆ ئایدیاكان، خەباتی ئایدیاڵژیانە لەبەرزبوونەوەدایە دژی هێوانگەی ئەو جیهانەی لەلایەن چینی دەسەڵاتدارانمانەوە بۆاو دەكرێنەوە و هەروەها لەڕەدا ڕەژ بەڕەژ خەباتی ئایدیاڵژیان بەرز دەبێتەوە بۆ هەكخراووون، بونیادنان و پشتیوانیكردن لە یەكێتیی كرێكاری (ترێد یونیۆن)، كەمپەین یان پارتی سیاسیی. ئەوە زۆر قورسە بەردەوام بین لە پشتیوانیكردنی كاری سیاسیی بۆ هەر فەترەیەكی زەمەنیی بۆبە داواكردنی هێوانگەی ئێتەرناتیفیی جیهانیی بۆ ئایدیاڵژیای باڵادەست لە كەمەگایەكدا كە ئەمە هەموو ڕۆژێك لە میدیاكاندا هووبەووی دەبینەوە (و لە شوێنی كار، قوتابخانە، لە زانكۆ و هتدد). هەیكی گرنگ لە هێوانگەی ئێتەرناتیفیی جیهانیدا بریتییە لەو هەیەی پرسیارەكانی فەلسەفە دەیگەڕێن. هەوەدان بۆ پێناسەیەكی وردو دەقیقی فەلسەفە لەم خاڵەدا قورس دەبێت و سەرگۆڕەیەكی زۆریشی لەدەكەوێتەوە. بەڵام تەقریبەن لەم كتێبەدا مەبەستی من بیركردنەوەی "گشتیی" یان "ئەبستراكت"ە دەربارەی بوونی مرۆڤ و پەیوەندییەكانیان بۆ كەمەگا و سروشتەوە.

لە ڕووتی گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێ یان هاوكاراندا ئەوان هەمیشە وەڵام دەدەنەوە: "بەڵام شتێك هەیە تۆ لەبیرت كردووە: ناتوانیت سروشتی مرۆڤ بگۆڕیت"، یان "بەڵام هەمیشە دووڕەندبوون و هەژاربوون هەبووە و هەمیشە هەیە و هەمیشەش هەر دەبێت". لە مشتومڕ لەناو بزووتنەوەدا هەندێك كەس دەڵێن "كۆشەی حەقیقیی بریتییە لە موحافەزەكاركان: ئەمە دەبێت یەكبگرین بۆ لەناوبردن و ئامانیینیان و دەستبەسەرداگرتنی پارتی كار. ئینجا شتەكان باشتر دەبن". لە بەشی سەسیەلەژی زانكۆیەكدا پرۆفیسەرەكە دەڵێت: "دیارە ماركس پێیوابوو كۆمۆنیزم حەتمییە. بەڵام ئەمە وەك زاڵایانی بواری كەمەڵایەتیی ئەمجارە تێگەیشتن و هێوانگە دۆگماتیك و چەقبەستووە هەتدەكەینەوە"، یان "ماركسیزم هەموو شتێك كورتدەكاتەوە بۆ ئابووریی و چینایەتیی، بەڵام سەسیەلەژیا لەم ڕۆژانەدا زۆر ئاڵۆزتر و پسپۆڕ و خەبیرانەترە لەچاو ئەوكات". هەموو ئەم ڕستانە باوەڕپێكردنكی ئاستەوخۆ و خراپیان هەیە – ئەوان بۆ ئەمە پشت بە "عەقڵی سەلیم یان باو" دەبەتن. لەبەر ئەوەی ئەوان لە گۆشەنیگای جیهانكەوە سەیر دەكەن، كە فەلسەفە، بەشوێیكی سیستەماتیك گۆشەی كردووە، كامە بووە و یان دەتوانین بڵێین، لەلایەن دەسەڵاتدارانمانەوە، چینی سەرمایەدار و ئایدیاڵژیستە

فەلسەفییەکانیانەوە، بە چەندین سەدە هەوڵیانداوە بە ئەژمار کەنار و تەنها بخزێننە نێو هەموو گۆشە و کەنارێکی کۆمەڵگاوە. بە وەها مەدانەوێیان (و لێرەدا یەک دونیا نموونەم بۆ ئەمە هەیە) پێویستما بە فەلسەفەیەکی کامڵ و پتەو هەیە بۆ ئاراستە و سەنگەری خەبات. خۆشبەختانە ئەمجارە فەلسەفەیە بوونی هەیە: ئێویش بریتیە لە ماركسیزم.

لەپشتی ئاستی تێکخستن و مشتومڕی تێژانەوە، لێرەدا پرسی ئەبڕایەتیی لەم خەباتەدا دێتەپێشەوە: دەربارەی بەشداریکردن لە بڕەمەهێنانی تێژنامەکان، گۆڤارەکان، کتێبەکان و هتد؛ دەربارەی بەیاردان لەسەر بانگکردنی خەڵک بۆ خۆپیشاندانەکان و مانگرتنەکان، دەربارەی تاکتیک و ستراتیژی کەمپینەکان و حزبەکان و هەتا دوایی. ئەکتیڤترین و چالاکترینیان لەم ئاراستە و ئەبڕایەتیکردنەی کەمپین یان بزووتنەوەکەدا بەرز دەبێتەوە، و بەتایبەت لەئاستی گۆشنیگای جیهانیی ئەکتیڤیستییەوە بڕۆ تاقیکردنەوە دەبڕێت، ئەوا بۆ ئەم مەسەلەیە یەک دونیا پرسیاری فەلسەفیی گرنگیەکی زۆر وەردەگرێت. تەگەم بدەن نموونەیەکی زۆر ڕوون و کۆنکرێتیی و تەواو هەنوکەیی بهێنمەوە لە پێیوەندیدا بەفەلسەفە و گرنگیبوونیەوە. فەرمی زۆر گشتیی و هەمەلایەنترینی فەلسەفە، بەتایبەت تا ئەو شوێنەی پێیوەندیی بە جەماوەری خەڵکی ئاساییەوە هەیە، بریتیە لە ئایین. هەموو ئایینەکان لەناو هەوەستی عەقیدە و ڕوانگەی خۆیاندا چەندین پرسیاری فەلسەفیی گرنگ لەخۆ دەگرن، وەک سروشت و مانای بوونی مرۆڤ و خەسڵەت و کارەکتەری بوونی مرۆڤ (“ئەنتەلۆژی” یان “لۆگۆینەوە لەبوون” لە مانا ئەکادیمییە فەلسەفیەکەیدا)، سەرچاوەی مەعریفە و پێوەری حەقیقەت (کە ئەمەش بە “ئەپستمەلۆژیا” ناسراوە) و ئەخلاقیات (یان “ئەتیک”). وەهای ئەمە، وەک دەرئەنجامێکی بەشکیی و لاوەکیی “جەنگ دژی تیرۆر” پرسی ئایین زۆر زیاتر لە ئەبردوو گوازرایەوە ناو سەنتەر و مەرکەزی مشتومڕی سیاسیی.

چالاکوانێکی ئادیکاڵ پێویستیی بەوە هەیە بتوانێت وەڵامی ئەم بۆگۆ و ئەرگومێنتانە بداتەوە و هەروەها وەڵامی ئەم هێرشە بداتەوە و بە ئەمەش، بگومان ئەو پێویستیی بە بنەمایەکی دەقیق و یەقینی فەلسەفییانە هەیە. بەیە زۆر پێویستی بەوە هەیە بزانێت چۆن شیکاریی بە ئایین و مامەڵە لەگەڵ ئایین و کەمەڵە ئایینییەکاندا دەکات وەک هەزە کەمەڵایەتیی و سیاسییەکان. بە ئەمەش تێگەیشتنی تیۆریانە لە سروشت و گۆشەی ئایین و سەرچاوە پرەنسیپییەکانی ئەمجارە تێگەیشتنە لە فەلسەفەی ماركسیستیدا هەن (لەم کتێبەدا

هەڵوەستی مارکسیستیی بۆ ئایین باس دەکەین).

نموونەیەکی دیکە کۆشێکی دیار لەلایەن بیرکردنەوەی هەر کەسێك یان هەکخراوەك بۆ بانگهێشتی خۆپیشاندان، بزووتنەوەی دەستبەسەرداگرتن یان مانگرتنەك. ئەمەش کۆشێی بۆیاردانی هاوسەنگییە لەنێوان "هەلومەرجی بابەتییانە" (ئوبێکتیڤ) و ئەوی دەستوەردانی خودییانە (سوبێکتیڤ). هەموو هەمەتکارێك یان تریید یونیۆنیستێك (چالاکوانی یەکێتیی کرێکاریی) وابیردەکاتەوە کە ئەوان دەتوانن بە ئاسانی بانگی خۆپیشاندان، دەستبەسەرداگرتن و مانگرتنەکان بکەن بەبێ وردبوونەوە لە هەوداو و هەلومەرجەکان یاخود هیچ وەهامەکیان بۆ "کۆشی سیاسیی" پێ نییە. لەهەمانکاتدا هەندێك خەڵك لە ناو بزووتنەوەکەدا هەن (بەتایبەت جەرەکانی یەکێتییە کرێکارییەزردەکان) کە هەمیشە دەڵێن ئێستا کاتێکی دروست و گونجاو نییە بۆ خەبات و بەرخودان.

ئەم کۆشێیە، کە لەنێو کەرپەلەی هەموو کەمپینە ناوچەیی و لەکاییەکاندا هەیە، بەشێوەیەکی بەرفراوان گۆرە دەبەت ئەو کاتەی کۆشەکە بریتیی بەت لە مانگرتنی گشتیی و بەمانای دەقیقی وشەکە دەتوانەت ببەتە بابەتی مەرگ و ژیان لە شەشکدا. فەربوون لەمجەرە کۆشانەوە و وانەوەرگرتن لەیان بەشکە لە بابەتی ئەزموونی پراکتیکی، بەڵام بەفراوانی، فەلسەفەی مارکسیستیی یارمەتیدەر دەبەت کە بەشێوەیەکی بنچینەیی ئەم پرسە دەهەنەتە پێشەوە کە وەك مارکس لە هەژدەهەمی بروماریی لوویی بۆناپارتدا دەڵێت، چۆنچۆنی خەڵك "مەژووی خۆیان دروست دەکەن بەڵام نەك بەو جەرەی خۆیان دەیانەوەت، یان نەك لەو هەلومەرجەدا کە خۆیان هەڵیان بژاردووە".
بەکورتیی فەلسەفە و بەتایبەت فەلسەفەی مارکسیستیی گرنگە چونکە هەڵەکی جەوهەریی و بنچینەیی دەگەڵەت لە خەباتدا بۆ گەڵینی جیهان.

سەرچاوە
John Moleyneux: The Point is to Change it, An Introduction to Marxist Philosophy, bookmarks, London, first chapter.